دوای هەرشکردنەسەر کێگە نەوتیەکان.. هەرێم داوا لە حکومەتی فیدراڵ و کەمەندگەی نێودەوڵەتی دەکات بڕیتەسەرخەت



وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرکۆنەی هەرشەکەی هەرشەکەی کێگەی نەوتی هانت ئویلی ئەمریکی لە باعەدرێی لە قەزای شێخان کرد و رایگەیاند، "بانگەوازی هەمو لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی فیدراڵی و کەمەندگەی نێودەوڵەتی دەکەین کە بڕیار بدەن بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی سیڤلی ناوچەکە و کارمەندانی مەدەنی و ئەمنییەتی وزە".

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، "ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە کاتژمێر (7:10)ی ئێوارە بۆ جاری دووەم لە کێگەی درێنی بمبارۆکراوەوە، هێرشکرایەوە سەر کێگەی نەوتی هانت ئویلی ئەمریکی لە باعەدرێ لە قەزای شێخانی سەر بە پارێزگای دهۆك، کە جگە لە زیانی ماددی هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتوەتەوە".

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاماژەی بەوەشکردوە، "نیگەرانییەکی قوڵی لە بەردەوامبونی ئەم هێرشانە هەیە و بە تووندی ئەم هێرشە تیرۆریستییانەی سەرکۆنەی و

شەرمەزار دەکات، کە دەکرێتە سەر دامەزراوەکانی وزە لە هەرێمی کوردستان و مەترسیی لەسەر هاوکاتییانی ئەم ناوچانە و سەلامەتی کارمەندانی مەدەنی کەرتی وزە دروست دەکات، لەهەمانکاتدا دوبارە بانگەوازی هەمو لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی فیدڕاڵی و کەمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین کە بێنەسەر خەت بۆ پاراستنی گیانی هاوکاتیانی سیڤلی ناوچەکە و کارمەندانی مەدەنی و ئەمنییەتی وزە و ڕاگرتن لە هەرشی دیکە بۆ سەر کەرتی وزەی کوردستان".

باسی لەوەشکردوە، "هەرشە درێنییەکانی 14و 15و 16ی (تەممووز/7)ی 2025 بۆ سەر ژێرخانی ئابوری و کۆمەگە نەوتییەکانی (خەرمەڵە و سەرسەنگ و بیشخاپور و عین سفنی) لە پارێزگای هەولێر و پارێزگای دهۆك و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ زیانی ماددی گەورەی لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دروستکردوە، بڕیە جارێکی دیکە داوا دەکەین کە حکومەتی فیدڕاڵی بەئەرکی خۆی هەڵبسێت بۆئەوەی سنورۆك بۆ ئەم هەرشانە دابنرێت".